ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# کاریگەری شوناس لە پەیکەری سیاسی عێراقدا




ئاودێر جەمیل مستەفا

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com

تشرینی دووەمی ٢٠١٦

# کاریگەری شوناس لە پەیکەری سیاسی عێراقدا


## ئامادەکردنی: ئاودێر جمیل مستەفا

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان – گۆشەی ستراتیجی
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com



تشرینی دووەمی 2016


## پێرست


پوختە ........ ٢
پێشەکی ........ ٣
چوارچێوەی تیۆری ........ ٤
تیۆری بونیادگەری و بابەتی شوناس ........ ٤
دەوڵەتی نەتەوە ........ ٦
عێراق و قەیرانی شوناس ........ ٧
شوناسی خوارنیشتمانی و سەرونیشتمانی ........ ٨
شوناسی خوارنیشتمانی ........ ٨
یەکەم: کورد ........ ٨
دووەم: عەرەبی شیعە ........ ١٢
سێیەم: عەرەبی سونە ........ ١٦
شوناسی سەرونیشتمانی ........ ١٩
ئەنجام ........ ٢٨
سەرچاوەکان ........ ٢٩

## پوختە

شوناس، بە یەکێك لە پایە گرنگاکانی دەوڵەت دادەنرێت. بەو پێیەی شوناس بابەتێکی نامادییە، بینین و هەست پێ کردنی دەچێتە چوار چێوەی بیرەوە (فکر)، لەوێشەوە تێڕوانین بۆ دنیای دەرەوەی بیر دەگوازێتەوە. هەرئەمەش وادەکات دەوڵەت هەست بە ناسینی خۆی و ئەوانی دیکە بکات، لە هەمان کاتیشدا لە کوێی دونیادا وەستاوە، لە دەرەوەی دونیایی خۆی بە چ دیدێکەوە تەماشا دەکرێت. لەسەر ئەو بنەمایەی کە شوناس بابەتێکی کۆمەلأیەتی فکریە، شێوە گرتن و دارشتنی لە ڕوی کۆمەڵناسی سیاسیەوە بەستراوە بە دید و بۆچونی تاك بۆ کۆمەڵگا، لە وێشەوە بۆ دەوڵەت.

پەیکەر و دارشتنی عێراق لەسەرەتای دروست بونی تا ئێستا بە کۆمەڵێك بەرزو نشێوی سیاسیدا تێپەڕیوە. گەلانی عێراق بە هۆی بونی ناسیۆنالیست و مەزهەب گەرایی جیاواز خۆیان لە بونی شوناسی جیاوازدا بینیوەتەوە. نەبوون و دروست نەکردنی بەرژەوەوندی هاوبەش، بەهای نەتەوەی، شوناسی ناکۆك، هۆکار بوونە بۆ ئەوەی گەلانی عێراق هەست بە عێراقی بونێکی پایەدار نەکەن و لە دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانیدا سست و لاوازبن. ئەمەش لە ئەنجامدا کاریگەری لە پرۆسەی سیاسی و کۆمەلأیەتی عێراقدا داناوە.

ئامانج لەم توێژینەوە ئەوەیە باس بکرێت کە شوناسی خوارنیشتمانی(Subnational)، و سەرونیشتمانی (Transnationally) چۆن کاریگەری لەسەر پەیکەری سیاسی وڵات دادەنێن وە وە چۆن یەکگرتوی دەوڵەتی نیشتمانی دەخەنە ژێر قەرانەوە. پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە: شوناسی خوارونیشتمانی سەرونیشتمانی چ کاریگەریەکیان لە پەیکەری سیاسی عێراق داناوە.

## پێشەکی

دەوڵەت بە مانا سیاسی و یاساییەکەی، بریتیە لە جوگرافیایەکی دیاری کراو کە تێیدا کۆمەڵە خەڵکێك دەژین و خاوەن شوناسێکی هاوبەشن، خودی دەوڵەت لە ناوخۆ و دەرەوەدا خاوەنی دەسەڵاتی ڕێگەپێدراو، سەروەری خۆیەتی. دوای هەرەسی ئیمپراتۆری عوسمانی و جەنگی جیهانی یەکەم، سێ ولایەتی عوسمانی کە پێکهاتەی عێراقی ئەمڕۆن لە ئیمپراتۆری عوسمانی جیا بوونەوەو کەوتنە ژێر ئینتدابی بەریتانی. ولایەتی موسڵ (باکور)کە دانیشتوانەکەی کورد بون. ولایەتی بەصرە(باشور) کە عەرەبی شیعە نشین و ناوەراست (بغداد)عەربی سونی مەزهەبی بون. سەرەڕای بونی ئامانجی ناسیۆنالیستی پشت بەست بە مافی چارەی خۆنوسین، بەلاّم بەهۆی کاریگەری سیاسەت و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز، بەتایبەتی بەریتانیا خەونی دانیشتوانی ئەم ولایەتانە نەهاتەدی. وڵاتێك بەناوی عێراق لەژێر چاودێری بەریتانیا کە تێیدا کەمینەی عەرەبی سونە بالاّ دەست بون دروست بوو.

سەرەتا لە ڕوی جوگرافیاوە ئەم دەوڵەتە لە ناوەڕاست و باشور پێك هاتبوو. بەلاّم بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا و زیادبونی دەست ڕۆیی سونەو ناوچەی پڕ لە سامانی نەوت (کەرکوك)، ولایەتی موسڵیشی گرتەوە. هەرچەندە دانیشتوانەکەی بە پێی ڕێکەوتنامەی سیڤەری سالّی ١٩٢٠، مافی ئەوەی پێدابون کە دەتوانن مافی چارەی خۆنوسین و خودموختاری بەدەست بهێنن، بەلاّم بەهۆی پێداچونەوە بە ڕێکەوتننامەی سیڤەر، بەستنی ڕێکەوتنامەی لۆزان لە سالّی ١٩٢٣ ولایەتی موصڵ بە تەواوی لە سالی ١٩٢٥ بە وڵاتی تازە دروست بوی عێراقەوە لکێنرا.

لەپاش سالّی ١٩٢٥ عێراق، بە هۆی بونی کۆلۆنیالیزم، ناسیۆنالیستی جیاواز، ئایدۆلۆژیای جیاواز، مەزهەبی جیاواز، هۆکارگەلێك بون کە بونە گرفت بۆ هێنانە کایەی شوناسی هاوبەشی نیشتمانی و کاریگەری لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی و بنیادنانی دەوڵەتی نیشتمانی لە عێراقدا. بابەتی شوناس لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاست و بە تایبەتی عێراق لەگەڵ وڵاتانی جیهان بە درێژایی مێژوو جیاواز بووە. لە وڵاتانی دنیاداو بە تایبەت لە دنیای خۆرئاوا، شوناسی جیاوازی خوارونیشتمانی لەناو یەکتردا تێکەڵ بون، یەك شوناسی هاوبەشی نیشتمانیان پێکهێنا. بە پێچەوانەوە لە عێراقدا شوناسی خوارونیشتمانی (Subnational)، سەرونیشتمانی (Transnationally)، لەبەرامبەر شوناسی هاوبەشی نیشتمانی وەستاوەو کاریگەری لەسەر پەیکەری سیاسی عێراق و حکمڕانانی داناوە.

لەم توێژینەوەدا بەدوای ئەوەداین کە چۆن شوناسی خوارنیشتمانی و سەرونیشتمانی کاریگەری دەخاتە سەر پەیکەری سیاسی وڵات، بۆ تێگەشتنی زیاتر لە بابەتی شوناس هەوڵدەدرێت سود لە تیۆری بونیادگەری وەربگیرێت، لە پاشان دێینە سەر شوناسی جۆراوجۆر لە عێراقداو کاریگەریەکان و دەرئەنجامی توێژینەوەکە.

## چوارچێوەی تیۆری

### تیۆری بونیادگەری و بابەتی شوناس

تیۆری بونیادگەری (Constructivist theory )، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن پێشینەی مێژوی ئەم تیۆریە خۆی لە نوسینەکانی "ڤیکو"[1] لە سەدەی هەژدەهەم دەبینێتەوە کە زیاتر لێکۆڵینەوەو بابەتی فەلسەفەی کۆمەڵناسی بوون. پاش ئەمە، تیۆری بونیادگەری کەمتر گرنگی پێدرا یان دەکرێت بگوترێت دەرفەت بۆ دەرکەوتنی نەهاتە پێش. سەرەتای دەیەی نەوەدەکان، زەمینەیەکی تازە بۆ تیۆر نوسەکانی بونیادگەری فەراهەم بوو کە جارێکی تر دەرفەتی زیندوبونەوەیان بۆ هاتە پێشەوە. زیندوبونەوەی بونیادگەری، لە لایەك خۆی دەبینییەوە لە دیبەیتی سەرەکی نێوان، واقیعی نوێ (Neorealism)، لیبرالیزمی نوێ(Neoliberalism)، لە لایەکی تر تیۆر نوسەکانی ، ڕەخنەگری (Critical theory)، عەقڵ گەری (rationalism)، تا سەرەتای ١٩٩٠ درێژەی کێشا. هەرچەندە لە بابەتێکی ئاوادا ناتوانرێت هەموو تێڕوانینەکانی تیۆری بونیادگەری بخرێتە ڕوو، بەڵام ئەوەی کە ئەم تیۆریە لە تیۆریەکانی تر، جیا دەکاتەوە ئەوەیە، سەرەڕای جەخت کردن لە بابەتی زانین ناسی (Epistemological) ، گرنگیەکی زۆر بۆ بابەتی هەست ناسی (Ontological)، دەدات، واتە" هەستی شتەکان چۆنن نەك چۆن دێنە پێش چاو و دەناسرێن"، بونیادگەری لەلایەك، گرنگی زۆر بە بابەتی، ماناکان (Meaning)، ڕێسا (Rule)، پێوانە (Norm )، شوناس (Identity)، لە لایەکی تر گرنگی بە بابەتی مادی لە سەر کایەی سیاسی دەدات. لە گرنگترین تیۆریە نوسەکانی بونیادگەری بریتین "وندت، ئۆنف[2]، کەتنزشتاین[3]، کراتوچویل[4]، کۆسلۆوسکی[5]..."، کە لەم بابەتەدا تیشك دەخرێتە سەر بابەتی شوناس لە بونیادگەری دا، بیرۆکەی ونت لەو بارەیەوە دەخەینە ڕوو.

شوناس، لە لێکدانەوەی تیۆری بونیادگەری ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بە هۆکاری ئەوەی کە شوناس لە بەرژەوەندی پایەو بونیادی دەوڵەتە. بە پێی تێگەشتنی بونیادگەری، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پەیکەری کۆمەڵایەتی و شوناسی دەوڵەت دەبێتە بنەمای لێکدانەوەو بەرژەوەندی و توانای مادی دەوڵەت. یان دەکرێت هێنانە کایەی بەرژەوەندی دەوڵەتی پێ دیاری بکرێت. بە پێی تێگەشتی وندت[6] یەکێك لە ڕێسا گرنگەکانی شوناس، ڕووە ناوخۆییەکەیەتی، واتە شوناسی نیشتمانی کاریگەری باش یان خراپ لەسەر ڕوی دەرەکی دەوڵەت دادەنێت. جەخت لەوەش دەکاتەوە بەرژەوەندی شوناسەکان لەوەدایە کە ئەوان لەبارەی خودی خۆیانەوە شوناسیان هەبێت کە کێن، چ ڕۆڵێکیان لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان هەیە". هەر بۆیە شوناس لە تیۆری بونیادگەری گرنگیەکی زۆری هەیەو ڕۆڵی

---

1. Giambattista Vico
2. Nicholas Onuf
3. Peter J. Katzenstein
4. Friedrich Kratochwil
5. Dennis Kozlowski
6. Alexander Wendt

یەکلاکەرەوە دەبینێت لە دیاری کردنی بەرژەوەندییەکان، دەوڵەتیش هیچ ڕۆڵێکی سەپێنراوی نیە، جگە لەوەی لە چوارچێوەی سیاسەتی کۆمەڵگادا بۆی دیاری دەکرێت.

لە بابەتی شوناسدا، کارەکتەرەکان لە ڕووی هەست ناسی، ڕۆڵێکی گرنگیان لە تیۆری بونیادگەریدا هەیە، بە واتای تەواوەتی خۆی لە دیزاینی بونیادگەری دەبینێتەوە. شوناس بریتیە لە تێگەشتن و تێڕوانین لە خودو ڕوڵ و کاریگەری خود لە کایەی سیاسی و کۆمەلاَیەتیدا. شوناسەکان، هاوشێوە بە بەربژێرە عەقلاَنیەکان پایەبەندی دەدەن. ئەمەش هەمان ئەو مۆدێلەیە کە پێوەری سیاسی کۆمەلگا بەو بەربژێرانە شێواز دەبەخشێت. شوناسەکان ناتوانرێت جیاواز لە چوارچێوەی کۆمەلاَیەتی پێناسە بکرێن. ئەوانە لە بنەڕەتدا کاروباری پەیوەندین (relational) وە دەبێت بە ناونیشانی کۆمەڵە مانایەك لێك بدرێتەوە کە کاراکتەرێك (تاك) بە لەبەرچاوگرتنی تێڕوانینی ئەوانی تر، (واتە بۆ یەك ئامانجی کۆمەلاَیەتی پەیوەست بە خود)، بەخۆی دەبەستێتەوە. شوناسە کۆمەلاَیەتیەکان تێگەشتنی تایبەت بە خود لە بەرامبەر سەرجەم کاراکتەرەکان پیشان دەدات. لەم رێگەیەوە بەرژەوەندی تایبەت دێنێتە ئاراوە، شێوازی تایبەتی بە بڕیارە سیاسیەکان دەدات بەوەی کە "خود، دۆست یان دوژمنی شوناسێکی تر پێناسە بکەیت"، وە ئەمەش جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ڕەفتاردا دروست دەکات.

ئەگەر وا لێك بدرێتەوە شوناسی کۆمەلاَیەتی لە دەرئەنجامی رەفتار بێت، دەتوانێت بە شێوازی جیاواز شێوە بگرێت. گرفتی شوناس، بە تێڕوانینی "وندت"، لەوەدایە " ئایا لە ژێر چ کاریگەرییەك شوناسەکان، کۆمەلاَیەتی تر ، یان خۆناوەندی دەبن". بۆ نمونە: هەرچەندێك هەستی یەکێتی عێراقیەکان بۆ بەیەك زیاتر بێت (واتە، عێراقی بون، دیموکراسی، پاراستنی ماف پێکهاتەکان، بەرژەوەندی هاوبەش)، ئەوا زیاتر بەرەو ئاسایشی کۆمەلاَیەتی و عێراقی بونی پایەدار هەنگاو دەنێن، لە دەرئەنجامدا هاوکاری نێوان ئەوان بۆ پرسە جیاوازەکان زیاد دەکات. هەرچەندە زیاتر هەست بە دوری لە یەکتر بکەن، ئەوا پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای خۆناوەندی دەبێت و دەناسرێت.

بە پێی دیدی بونیادگەری، پەیکەر[7] و کارگوزار(وکلاء)[8] ، بە شێوازێکی هاوشێوە پایەبەندی بەیەك دەبەخشن، پەیکەری کۆمەلاَیەتی دەرئەنجامی پەیامی ویستراو، یان نەویستراوی هەوڵدان، یان جولاَنەوەی[9] مرۆڤایەتین. لە هەمان کاتدا ئەم جولاَنەوەیە یەك چوارچێوەی پەیکەری وەك گریمانە وەردەگرێت، وە بەم چوارچێوانە بە ناونیشانی نێوان گیری بۆ ئەوان کار دەکات واتە بۆ پەیکەر و کارگوزار. خودی پەیکەر، بە ناونیشانی بەدیهێنەرێکی

7. Structure
8. Agent
9. Act.

لێرەدا بەیەك تێڕوانینی گشتی مەبەست کارگوزار ئەو کەسانەن کە لە چوارچێوەی کۆمەلاَیەتی دەست بە چالاکی دەکەن ،(پەیکەر و کارگوزار)، بۆ نمونە؛ تاك لە پەیکەری بازاردا، یان تاك و گروپی کۆمەلاَیەتی لە پەیکەری کۆمەلاَیەتیدا، یان دەوڵەت لە سیستم و پەیکەری نێودەوڵەتیدا.

پایەدار(خالق) لەگەڵ رەفتاردا هاوشێوەن، کە دێنە دی، وە لەسەر بنەمای کاراکتەرەکان، شوناس و بەرژەوەندی خۆیان دەناسێنن.  پەیکەر، جیاواز لە تێفکرینی[10] کارگوزارەکان بونی نیە، بەو واتایەی کە پەیکەر بەرهەمی تێفکرینی کارگوزارە، بەلاّم کارگوزارانیش لە ناو پەیکەردایە سنورداری و ئاسانکاری تێکۆشان دەدۆزنەوە. ئا لێرەدا تا رادەیەك بونیادگەری لە ژێر کاریگەری بۆچونی (ئانتۆنیو گیدنز)، وە تیۆری پەیکەر[11] ئەو دایە.

بۆ پەیکەری سیاسی دەوڵەت، وەك دەردەکەوێت لەو رێگانەی[12] بونیادگەری دەیانخاتە ڕوو، شوناس، پایەیەکی گرنگی ڕوکاری دەوڵەتە، کە هێز و مانەوە بە دەوڵەت دەبەخشێت. پەیکەری کۆمەلاّیەتی تا چەندێك یەکگرتو بێت، شوناس پایەدار تر دێتە پێش چاو وە وادەکات بەرژەوەندی هاوبەشی پێ بنیاد بنرێت. بە پێی دیدی بونیادگەری هەرکات دابەشبون و درزی کۆمەلاّیەتی بەرجەستە تر بێت تاکەکان بەرەو پەیوەست بون بە شوناسی جیاواز دەڕۆن. کاتێك گروپەکان لە پەیوەنیدا لە ڕکابەری یەکتردا بن، شوناسی ئەوان جیاواز دەبێت. لەسەر ئەم بنەمایەش شوناسی سیاسی بە تەنها لە ڕێگەی هۆکاری پەیکەرەوە دروست نابێت، بەڵکو بە ووتەی "پاوڵ کورت"[13]: ئەو کارگوزارانەی کە لە رێگەی کۆمەڵەوە دەست بە جوڵە دەکەن، ڕۆڵێکی کارگەریان لە هێنانە کایەی شوناسی سیاسی دەبێت. ئەو کاراکتەرەی لە ڕێگەی گروپی جیاواز و چاودێرەوە رەفتار دەکەن، " خود" و " بەرامبەر" یان سودی " دەرون گروپی" یان "بە چینایەتی دەرەوەی گروپ" شێوە دەبەخشن.

## دەوڵەتی نەتەوە

چەمکی دەوڵەتی نەتەوە، بابەتێکی ئالۆز و باس هەلگرە لە نێو تیۆرەنوسەکانی زانستی سیاسی و پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان[14]، بەلاّم لە کلاسیکی ترین پێناسەی دەوڵەتی نەتەوە ئەویش خۆی بینیوەتەوە لە چەمکی نەتەوەو ڕەگەزەکانی: کەلتور، زمان، مێژو، زەوی، پاشان پێك هێنانی کیانێکی سیاسی بە ناوی دەوڵەتی نەتەوە کە خاوەنی شوناس و جوگرافیا و یەکپارچەیی بێت.  هەرچەندە ئەزمون پێچەوانەش ئەوەی سەلماندوە کە میلەتان و دەوڵەتانی جیاواز سەرەڕای جیاوازی میللەت، مێژو، زمان لە یەکەیەکی جوگرافیای گەورەدا بەهۆی پەیکەرێکی تۆکمە، (سیاسی و ئابوری)، پێکەوە گرێ دراون، کە لێرەدا پەیکەری سیاسی و ئابوری گرنگترین هۆکار بون بۆ دروست بونی دەوڵەتی نەتەوە.

---

10. Ideational.
11. Structuration.
12. Approach.
13. paul korte.
14. International Relation

مێژوی دامەزراندی دەوڵەت- نەتەوە (دەوڵەت- میللەت)، لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سیتمی وێستفالیا[15]. یەکێك لە هۆکارەکانی لادان لە سیستمی وێستفالیا لە خۆرهەلأتی ناوەڕاست ئەوەیە، کە ناوچەیەکی وشك بووە لە پێکهاتەی شاری گەورەی بازرگانی، عەشیرە گەری تێدا بالاّ دەست بووە، سازگاری و پێکەوەیی لەگەڵ دەوڵەتی سەرزەمینی بە درێژایی مێژو تێدا لاواز بووە. لە بری ئەو چاوبڕاوەتە یەکەی وەك: شار، عەشیرەت، گروپی مەزهەبی، یان کۆمەلگای گەورەی ئیسلامی یان ئومەت. شێوازی سەپێنراوی سیستمی دامەزراندنی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا لە لایەن زلهێزەکانی ڕۆژئاوا کاریگەری خستە سەر هەنگاوەکانی دامەزراندنی شوناس نیشتمانی هەر ئەمەش قەیرانی شوناسی لەم ناوچەیەدا قوڵتر کردەوە. لەبری جیاکردنەوە و کێشانی سنورەکان لە ڕێگەی جەنگ و هاوسەرێتی پشتاوپشت کە وەك لە دنیایی ڕۆژئاوا دا ڕویدا. سنوری سەپێنراوی سیستمی دەوڵەتی مۆدێرن لە دنیایی خۆرهەلأتی ناوەڕاست، بە شێوەیکی سەربەخۆ لەلایەن زلهێزە دەرەکیەکان بە کیان و یەکەی رەقیب و زۆرینە دروست کرا. لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئەوان بوو، نەك لەسەر بنەمای دابەش کردنی ئاوات و خواستی خەڵکی ناوچەکە. ئەمەش وای دەکرد کە یەکێك لە پەیامەکانی دروسکردنی دەوڵەتی دەستکرد ئەوە بوو، کە وەفاداری بە شوناسی خواردەوڵەتی وەك (عەشیرەت، قەوم، مەزهەب) مایەوە. ئەو شوناسانەی کە بە هۆی سنوری دەسکرد و سەپێنراو هاتبونە کایەوە دەگۆڕان بۆ شوناسی نێودەوڵەتی، پرۆسەی نیشتمانسازی و یەکپارچەی دەخستە گرفتەوە. کە خۆبەخۆ کاریگەری دروست دەکرد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، وای دەکرد دەوڵەتان زیاتر دەست وەردەن لە کاروباری نێوان یەکتر.

## عێراق و قەیرانی شوناس

لەسەر بنەماو چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەیە، بنەڕەتی دروست بونی شوناس دەتوانێت ڕەفتار و پەیکەری سیاسی دەوڵەتانی پێدیاری بکرێت. لە عێراقدا چەند بنەڕەتی شوناس سازی، واتە: کورد، عەرەبی سونی، عەرەبی شیعی بونی هەیە. هەرچەندە شوناس گەلێکی تر لە ناوخۆی عێراقدا هەن، بەلأم کاریگەریەکی چەندانیان لەسەر ڕەفتارو پەیکەری سیاسی عێراق نەبووە. لە نێوان شوناسی هەبوو لە عێراقدا، ( کورد، سونە، شیعە)، هەریەك لەم شوناسانە بە درێژایی مێژو بە شێوەیەکی کرداری لە پێناو یەك شوناسی نیشتمانی یەکگرتو بە سودی پەیکەری سیاسی لە عێراق لە هەماهەنگیدا نەبون. کە ئەمەش خۆی لە مێژوی دامەزراندن و دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوە[16] دەبینێتەوە لە عێراق کە پرۆسەیەکی مێژویی تێنەپەراندوە. گەلانی عێراق و لێك نزیك بونەوە و بەستنەوەی ئەم میلەتانە مەبەستێکی سیاسی هەبووە. نەك بەهۆی مێژو، زمان، نەژاد، میراتی هاوبەش، فەرهەنگ،

---

15. Westphalia system
16. nation-state.

بەرژەوەنـدی هاوبـەش، کـە بـە پێـی تیـۆر نوسـەکانی زانسـتی سیاسـی بـۆ دروسـت بـونی هـەر یەکەیـەکی نیشـتمانی بابەتێکی گرنگن. ڕیشەی شوناس خواستی ، بـەپێی بۆچـونی (سـیمین صـبری)، چاالکوان لـە بـواری مـافی نەتـەوەیی، ئەوەیە "هەر جێگەیـەك شوناسـی نەتـەوەی سـەرکوت بکرێـت، خواسـت بـۆ شوناسـی جیـاواز سـەرهەڵ دەدات". لـەم ڕوانگەیەوە مێژوی سیاسی لە عێراقدا، خاڵی نیە لە کوشتاری بە کۆمەڵ، سەرکوتکردنی بە کۆمەڵ، جینۆساید.

## شوناسی خوارنیشتمانی و سەرونیشتمانی

شوناسی خوارنیشتمانی و سەرونیشتمانی، یەکێکن لە چەشنە شوناسە کۆمەلأیەتیـەکان. بۆیـە یـەکێك لـە گـرنگترین سەرچاوەکان بۆ پێناسەی خودی کۆمەڵگای[17] وە پێکهاتە لە تایبەت مەندییەکانی فەرهەنگی ئەندامانی یەك گروپ یان کۆمەڵگا، پەیوەندی و بۆنەیەکە کە تاکی تێدا ڕێکخراوە.

لە ڕوانگەی کەلتوریەوە، کاراکتەرەکان بە هۆی کەلتوری کۆمەلأیەتی و تێگەیشتنی هاوبەش پێکەوە گرێ دەدرێن لـە چوارچێوەیەکی سستماتیکی هاوبەشدا مانا بە ڕەفتـارو جوڵانـەوەکانیان دەدەن. ئەمـەش وادەکات سـنورێك لـە نێـوان خۆیان و ئەوانی تردا، (شوناسی تر)، بێننە ئاراوە. مەبەست لە شوناسی خوارنیشتمانی ئەو کاراکتەرە کۆمەلأیەتی و سیاسیانەیە کە لە چوارچێوەیەکی ناوخۆی نیشتمانی سەرگەرمی جوڵانەوە و رەفتاری مانابەخشن. هەرچی شوناسی سەرونیشـتمانییە مەبەسـت لێـی ئـەو کاراکتـەر کۆمەلأیـەتی و سیاسـیانەیە کـە لـە دەرەوەی چوارچـێوەی دەوڵـەتی نیشتمانی دەست بە جوڵانەوە و پەیوەندی دەکەن.

## شوناسی خوارنیشتمانی[18]

### یەکەم: کورد

کورد لە عێراقدا دەکەونە بەشی باکور، لەڕوی نەخشەی کوردستانی گەورەوە دەکەونە بەشی باشـور لـە ئێسـتادا لـە پارێزگاکـانی ( هـەولێر، کـەرکوك، سـلێمانی، دهـۆك، هەڵەبجـە) نیشـتەجێن. پـاش ئـەوەی داواکاریـەکانیان بـە پێـی ڕێککەوتننامەی سیڤەر جێ بەجی نەبوو بە شێوەیەکی ناخواست بە عێراقەوە لکێندران. لەو کات بەدواوە نەتەوەی کورد لە عێراقدا کۆمەڵێك ڕووداوی سیاسی لە پشت سەر تێپەڕاندوە کە خۆی لە شۆڕش و ڕوبەڕوبونەوەی سەربازی و ڕاپەڕیندا بینیوەتەوە. بۆچونی کورد لە عێراقدا بە ئاراستەی دامەزرانـدنی دەوڵـەتی ناسـیۆنالیزمی کـوردی بـوو. چونکە بۆ خۆیان خاوەنی، سەرزەمین، زمان، نـەژاد، مێـژو، بـوون. عێراقێـك لـە ژێـر هـەژمونی عـەرەبی لـە دیـدی ئەماندا خاوەنی هیچ جۆرە سەرنج ڕاکێشیەك نەبوو، وە هیچ کاتێك ڕازی بـە دەوڵـەتێکی خـاوەن شوناسـی عـەرەبی

17. social ego
18. Sub national

نەبوون. ئەمەش وای خواستووە کوردەکان بە درێژای مێژوی دروست بونی عێراق لە هەوڵی خودموختاری و مافی چارەی خۆنوسیندا بن.

پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی عێراق لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی نا یەکسان لە نێوان پێکهاتەکان دابەش کرا. بە جۆرێك لە ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٥٨ نزیکی ٦٠٪ ڕابەرانی سیاسی عێراق لە عەرەبی سونی ، ٢٥٪ عەرەبی شیعی، ١٥٪ لە کورد پێك هاتبوو. ئەم بارودۆخە لە سوپادا بەهەمان شێوە بوو، کە ئەم ڕێژەیە بۆ ساڵانی دوای خۆی بە نیسبەت کوردەکان کەمتر بوو. ئەمەش وای دەکرد کە کوردەکان هەست بە نایەکسانی و پەراوێزخستن بکەن. بە دیدی لێکۆڵەوەری مێژوی خۆرهەلاتی ناوەراست (فرهنگ جیهان پور) "فەرهەنگی شوناس خواستی بەستراوە بە شێوازی مامەڵەی دەوڵەت لەگەڵ شوناسە جۆراو جۆرەکان، یان پێکهاتە جیاوازەکان". هەر بۆیە دیدی بونیادگەری بە تایبەتی "وندت" لێرەدا بە ڕونی دەردەکەوێت کە شێوازی رەفتار وا دەکات شوناسێك زیاتر کۆمەلأیەتی دەر بکەوێت یان، خود ناوەندتر.

رەفتار و مامەڵەی دەوڵەت و سیستمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لەگەڵ شوناسی کورد و دانشتوانەکەی رەفتارێکی تەندروست نەبووە، کە خۆی لە" سەرکوت کردن و جولأنەوەی سەربازی دژی ئەم پێکهاتە بینیوەتەوە. وە کار گەشتوەتە بە، ئەنفال، کیمیا باران، جینۆساید، کۆچی بەزۆرە ملێ"، هەربۆیە دەکرێت بگوترێت ئەمانە خاڵی سۆز بون کەوا شوناسی کوردی هەنگاوی کرداری نەنێت بۆ شوناسی بونی عێراق یان دەوڵەتی نیشتمانی، تەنها لە ئاستی شوناس نامەیەکی سادە تێپەری نەکردوە. چونکە بە درێژایی ساڵانی ١٩٢٥ تا ١٩٩١ کوردەکان، بۆ پارێزگاری لە شوناس و کەلتوری خۆیان لە بەرەنگاربونەوە و ڕوبەڕوبونەوە بوون لەگەڵ حکومەتی ناوەندی. هیچ شوناسێك بە ئەندازەی پێکهاتەی عێراقی، لە نێوانیشیاندا کورد لە ناوچەکەدا رەنجی لە سیاسەتی ناکارامەیی سیستمە یەك لە دوای یەکەکەکانی عێراق نەکێشاوە. ئەویش خۆی لە ناکارامەیی سیستمی سیاسی عێراق لە هێنانەکایەی یەك شوناسی نیشتمانی دەبینێتەوە. چونکە بە پێی بۆچونی بونیادگەراکان، پەیکەر و کارگوزار بە شێوەیەکی یەکسان پایەبەندی بە یەك دەدەن، وە کاریگەریان لەسەر یەکتر هاوشێوەیە. بۆیە ڕفتاری پەیکەری سیاسی لەو ماوەیەدا بەرامبەر بە کوردەکان ڕەفتارێکی نادروست بووە و لە بەرامبەردا کوردەکان لە هەوڵی پاراستنی شوناسی خۆیان بون.

پێش ١٦ کانونی دووەمی ١٩٩١ ، دەسپێکی گەردەلولی بیابان بەرامبەر سیستمی عێراقی پێشو لە لایەن ولأتانی هاوپەیمان، سەرۆکی ولایەتە یەگرتوەکانی ئەمریکا "بۆشی باوك: داوای لە گەلانی عێراق کرد بۆ سەرنگومی رژێمی سەدام تێ بکۆشن". بۆ ئەم مەبسەتە، دوابەدوای کردنە دەرەوەی عێراق لە خاکی کوەیت لە لایەن ولأتانی هاوپەیمان، لە باکور و باشوری عێراق دانشتوانەکەی دەستیان بە راپەڕین کرد، واتە کورد و عەرەبی شیعە. کوردەکان توانیان بە ئامانجی خۆیان بگەن و هەرێمێك لە ژێر پارێزگاری ولأتانی هاوپەیمان ناوچەیەکی دژەفڕین،

لە ژێر هێڵی ٣٦ پلە بۆ خۆیان پێك بهێنن. بەلاّم هەر زوو راپەڕینی شیعەكان لە ژێر سەركوت كردنی گاردی كۆماری دامركایەوە.

دروستبونی هەرێمیکی کوردی وەك واقعێکی دیفاکتۆ، ئەویش لە ژێر بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان ژمارە ٦٨٨، هەلێکی باش بوو بۆ زیندوبونەوەی شوناس و فەرهەنگی کوردی دامەزراندنی کیانی سیاسی و پەرلەمان. وا دێتە پێش چاو کە خودموختاری بە دەست هاتو بۆ کوردەکان بە یەکێك لە دەسکەوتە گرنگەکانی ئەوان دابنرێت لە مێژوی مۆدێرنی خۆیاندا. سەرەڕای بونی ناکۆکی شەڕی ناوخۆی، دەستپێکی مێژویەکی نوێ بوو لە پرۆسەی سیاسی کوردەکان کە پاش جەنگی جهانی یەکەم لە عێراقدا تێی کەوتبون، کە بۆ ماوەی زیاتر لە یەك دەیە توانیان جیا لە عێراق لە ژێر چەتری سیستم و رێسای نێودەوڵەتی حکومڕانی خۆیان بکەن. زمان و فەرهەنگی کوردی تێدا گەشە بکات. هاوکات دورکەوتنەوە لە شوناسی عێراقی بە شێوەیەکی کرداری لەو ماوەیەدا تا ڕوخانی سیستمی سیاسی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دا.

ئازادکردنی عێراق و ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، بۆ کوردەکان بە وەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرا. بە هۆی ئەوەی کوردەکان لە لایەك هەستیان بەوە دەکرد کە ڕژێمێك کە دەستی هەبوو لە پاکتاوی نەژادی و بە عەرەبکردنی ناوچەکانیان لە ناوچووە. لە لایەکی تر توانیان ئەو حکومڕانیەیی کە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بە دەستیان هێنابوو لە سیستمی تازەی عێراقدا بیچەسپێنن و بە دەستوری بکەن. هەرچەندە ڕێککەوتن لەسەر دەستوری تازەی عێراق بۆ کوردەکان پڕ لە کێشمەکێش و بابەت هەڵگر بوو، بەتایبەتی ئەوەی عێراق چۆن شوناسێکی هەبێت. کوردەکان ئامادە نەبون بچنە ژێر شوناسێك لە ژێر ناوی گەلی عەرەبی، بەو واتایەی ئەوان بەشێك بن لە گەلانی عەرەبی ناوچەکە. لەلایەکی تریش بابەتی سنوری هەرێم و شێوازیی دەسەلاّتی هەرێم، سەرەڕای ناکۆکیەکان دواجار لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستوری نوێی عێراق بە زۆرینەی دەنگی گەلانی عێراقی چەسپێنرا، کوردەکان توانیان زمان و حکومڕانی بەدەستهاتوی خۆیان لە عێراقی نوێدا بچەسپێنن.

ناکۆکیەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ پاش ڕوخانی عێراق بە کراوەیی مانەوە. چونکە عێراقی دوای ئازادی سازی لەسەر بنەمای پێکهاتە پەیکەرە سیاسیەکەی پێك هێنرا. کە ئەمەش زۆرینە و کەمینە لەم پەیکەرە بە بنەما دانرا. شوناسە جۆراجۆرەکانی عێراق بۆ مانەوەو زیندوکردنەوەو پاراستنی شوناسی خۆیان لە عێراقی نوێدا تێکۆشان. هەرچەندە لە دەستوری عێراقیدا باسی پاراستنی مافی کەمینەکان و سود وەرگرتن لە زمان و کەلتوری خۆیان هاتوە. بەلاّم دەکرێت بگوترێت لە ڕوی کرداریەوە نەتوانراوە کار بۆ زەمینەی لەیەك نزیك بونەوەی عێراقیەکان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانیدا بکرێت، کە بۆ مانەوە و سەقامیگیری کیان و شوناسی دەوڵەت بە بابەتێکی گرنگ دادەنرێت. هەربۆیە ڕەنج و گرفتی هەر دەوڵەتێك بۆ شوناسی نیشتمانی ئەوەیە کە تا چەندێك پێکهاتەکانی لە ڕوی کۆمەلاّتی

و پێکەوە ژیان پەیوەست بە یەکن، وە تا چەندێك لە ئاشتی و ئارامیدا دەژین، کە ئەمەش بابەتانێکن تیۆری بونیادگەری بۆ شوناس و پایەداری شوناسی نیشتمانی پێداگیری لەسەر دەکەن.

ناکۆکیەکانی عێراقی دوای سەدام لەگەڵ هەرێمی کوردستان، خۆی بینوەتەوە لەسەر بابەتی ناوچە دابڕێنراوەکان، ئەو ناوچانەی کە لەسەردەمی رژێمی سەدام بە عەرەب کراون پێویست بوو بە پێی مادەی ١٤٠ دەستوری هەمیشەی عێراق راپرسیان بۆ ئەنجام بدرێت، بە مەبەستی گەڕانەوەیان بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان. پرسی نەوت و گاز و ساغ کردنەوەو فرۆشتنی، پرسی بوجە و پێشمەرگە، وە دواجار بڕینی بەشە بوجەی هەرێمی کوردستان. ئەمانە پرس گەلێك بون کە هێشتا نەتوانراوە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستاندا، ئەگەر وردتر بڵێین لە نێوان کورد و شیعەی وەك دەسەڵات داری زۆرینە لە عێراق. ئەمەش هەستی یەکێتی عێراق و بەرژەوەندی هاوبەش بۆ کوردەکان تەنها بانگەشەیەکە کە لەلایەن عێراقی فیدراڵ بە دەسەڵاتی زۆرینەی شیعە باسی لێوە دەکرێت. کە وای کردوە کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پرسی سەربەخۆیی لە پەرلەمانی کوردستان بهێنرێتە پێش بۆ ڕیفراندۆمی ئەم بەشەی عێراق لەسەر مانەوەی لە عێراقدا یان ڕاگەیاندنی سەربەخۆی. ئەم بابەتانە وا دەکات کوردەکان بەرەو شوناسی تر دور لە شوناسی عێراقی هەنگاو بنێن و تا بێت دورتر بکەونەوە لە شوناسی دەوڵەتی نیشتمانی عێراقی. لە ئەنجامدا گاریگەری لەسەر پەیکەری سیاسی و شوناسی نیشتمانی عێراق دروست بکات.



**دووەم: عەرەبی شیعە**

لە ڕوی جوگرافیاوە عەرەبی شیعە دەکەونە باشوری عێراق لە پارێزگاکانی ئێستای عێراق ( بابل، بصرە، ناصریە، نجف، کربلا، کوت، دیوانیە، عمارە، سماوە) نیشتەجێن. شیعەکان بەشێك لە میراتی هەڵوەشاوەی ئیمپراتۆری عوسمانی لە ولایەتی بەصرە دادەنرێن. پاش جەنگی جیهانی یەکەم بلاو بونەوەی بیر و هزری ناسیۆنالیزمی و دژە ئیستعماری[19] ، عەرەبی شیعە وەك ولایەتەکانی تری عوسمانی بەدوای مافی چارەی خۆنوسینەوە[20] بون. دەوڵەتی عێراق و حکومەتەکەی بە سەرۆکایەتی مەلیك (فەیصەڵی یەکەم) کە لە ریفراندۆمێکی ساختە و تێکەڵ لە کەسانی ناسیۆنایزمی عەرەبی لە ژێرچاودێری توندی بەریتانیا دامەزرا. لکاندنی ولایەتی بەصرە بەم وڵاتە تازە دامەزراوە کە سونە تێیدا بالادەست بوو، خێرا شیعەکانی عێراقی هێنایەدەنگ و شۆرش دژی ئیستعمار و دەسەلاتی مەلیك فەیصەڵ دەستی پێکرد. دیارە شۆرشی شیعی لە ساڵی ١٩٢٠ و ساڵانی دواتر، لەبەر دوو هۆکار بوو، دژی دەسەلاتی سونی(عوسمانیەکان) کە بۆ ماوەیەکی دور و درێژ بەسەر ئەواندا سەپێنرا بوو. وە دژی دەسەلاتی ئیستعمار کە بە بروای ئەمان نارەوایی لەوانەوە سەرچاوەی دەگرت و پێویست بوو کۆتایی پێ بهێندرێت.

جولانەوەی شۆڕشی شیعەکانی عێراق خالی نەبوو لە ڕۆڵ و کاریگەری کەسایەتی دینی شیعەکان، ڕۆڵ و کاریگەریان لە دژی ئیستعماری بەریتانی و دەسەلاتی زۆرینەی سونە دیار بوو. مەلیك فەیصەڵ بە هاوکاری بەریتانیا بە توندی ڕوبەڕی شۆڕشی شیعەکانی عێراق بونەوە. هەرچەندە هەوڵ و تێکۆشانی شیعەکان بۆ بەدەست هێنانی خودمختاری لە دەوڵەتی تازەی عێراق سەری نەگرت وە لە لایەن حکومەتی مەلەکی عێراقی گوێی پێ نەدرا. ئەمەش وای دەکرد سیستمی سیاسی حکومەتی عێراق و کۆمەلگای عێراقی لە نێویشیدا شیعەکان لە حاڵەتی کار و کاردانەوەدا بن، بەردەوام لە قەیرانی سیاسی گوزەری کردوە.

هەرچەندە شیعەکانی عێراق خۆیان بە لایەنێکی سەرەکی دەسکەوتەکانی شۆرشی عەرەبی لە جەنگی جهانی یەکەم دادەنا. وای دەکرد کە خۆیان بە کاراکتەرێکی سەرەکی لە عێراقی تازە دامەزراودا دابنێن وە چاوەڕوانی پشکی بەرچاویان لە حکومەت دەکرد. کاتێك بەریتانیا عێراقی ڕادەستی شۆڕشگێرانی سونی کرد، شیعەکان لەم کارە بە توندی نیگەران بون. هەرچەندە ژمارەیەك لە کەسایەتی شیعی عێراقی بۆ پێکهێنانی حکومەت بانگهێشت کران، بەلام ئەمە لە بارودۆخ و داواکاری و چاوەڕوانی شیعەکان نەگۆڕی. بەرەو پێش چون و بەهێز بونی هێزی سەربازی عێراقی و گەشەی میللی گەرایی عەرەبی (سونەکان)لە دەیەی ١٩٣٠- ١٩٤٠، نفوز و دەسەلاتی سونی لە عێراقدا بەرەو پێش برد. ئەمەش وای دەکرد شیعەکانی عێراق گومانەکانیان چڕتر ببێتەوە بەرامبەر حکومەتی عێراقی و زیاتر لێی دوربکەونەوە. ئەم دورکەوتنەوەیەی شیعەکان لەوە سەرچاوەی دەگرت کە کەسایەتی مەزهەبی شیعە، زیاد بونی

---

19. Decolonization.
20. Self-determination.

دەسەڵاتی سونە لە عێراق بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ خۆیان دادەنا، وە خزمەت کردن لەم جۆرە حکومەتەدا بە ناڕەوا لە قەڵەم دەدا.

هاتنە سەر دەسەڵات حزبی بەعسی عێراقی ساڵی ١٩٦٣، بە هزری ناسیونالیزمی عەرەبی و پان عەرەبیزم وای دەکرد ڕۆڵ و کاریگەری شیعەکان کەمتر و کەتربێتەوە. ڕژێمی بەعسی عێراقی لە ڕوانگەی تیۆری، عێراقی نەك بە ناونیشانی کیانێکی سەربەخۆ و بیری دەوڵەتی نیشتمانی، بەڵکو بە ناونیشانی جیهانی عەرەبی و پان عەرەبیزم و تێڕوانینی سونی دەیڕوانی، کە ڕۆڵی شیعەی لەبەرچاو نەدەگرت. لە هەمان کاتیشدا بە گومانەوە دەیڕوانیە عەرەبی شیعە و کەسانی دینی ئەم مەزهەبە. بە هۆی ئەوەی کە بەشێکیان ڕەچەڵەکیان ئێرانیە و گومانی پەیوەندیان لەگەڵ ئێراندا لێدەکرا. ئەمەش وای دەخواست کە ڕژێمی عێراق سیاسەتی جۆر بەجۆریان لە دژ بگرێتە بەر. وەك ڕێگە گرتن لە ڕێوڕەسمی مەزهەبی کەلتوری عەرەبی شیعە، داخستنی شوێنە ئاینەکانیان، کوشتن و زیندانی کردنی کەسایەتی مەزهەبیان. ئەمانە سیاسەت گەلێك بون کە رژێمی بەعس لە بەرامبەر شیعەکان ئەنجامی‌دا.

تیۆری بونیادگەری، جەخت لە نەبونی جیاوازی نێوان کەشی ناوخۆی و کەشی نێودەڵەتی لە دیاریکردنی رەفتاری سیاسی دەداتەوە. دیدی ئەوان وایە کە بەرژەوەندی تەنها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دیاری ناکرێت، بەڵکو سروشت و بەهای کۆمەڵایەتی کیانی سیاسی دەور و کاریگەریان هەیە و بە گرنگیان باس دەکات. شوناس ناکرێت تەنها لەسەر لایەنی مادی دیاری بکرێت، بەڵکو لە ئەنجامی جموجوڵی دامەزراوەکان، نۆرم[21] و فەرهەنگ، دەکرێت سەیر بکرێت. هەربۆیە شوناس، نۆرم، فەرهەنگ، ڕۆڵ و کاریگەریان لەسەر رەفتاری سیاسی دەوڵەت هەیە. شوناسی رژێمی بەعس ژێر کاریگەری هزری ناسیۆنالیزم و پان عەربیزم، وای دەکرد نیسبەت بە شوناسە خوارنیشتمانییەکان (کورد، شیعە)، هەمیشە لە گوماندا بێت، بە سەرچاوەی هاوکاری دەرەکی لێکدانەوەیان بۆ بکات. دەکرێت بگوترێت بەرپا بونی شۆڕشی ئێران هاتنە سەر حوکمی لایەنی مەزهەبی لەو وڵاتەدا، ترس و دڵەراوکێی لای رژێمی بەعس دروست کرد و ئێرانی بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق تۆمەتبار دەکرد. یەکێ لە هۆکارەکانی شەڕی یەکەمی کەنداوی نێوان ئێران، عێراق لەمەدا خۆی دەبنیەوە. کە ترس لە جوڵانەوەی شیعە هەبوو بەهۆی کاریگەر بونی شیعە بە شۆڕشی ئیسلامی ئێران گواستنەوەی بۆ ناو عێراق. لە دەرئەنجامدا رەفتاری سەرکوت کردن بەرامبەریان شیعەکان ئەنجام درا.

دوا بە دوای شکستی شیعەکانی عێراق لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بۆ ماوەی یەك دەیە لە بەشداری کردن و بە دەستهێنانی مافەکانیان لە عێراق نا ئومێدبون. هەندێك لە شیعەکان ئەمریکایان تۆمەتبار دەکرد کە نەیویستوە پشگیری لە ڕاپەڕینەکەیان بکات، وەك ئەوەی بۆ کوردەکانیان کرد. بەلاّم جەنگی ٢٠٠٣ و ڕوخانی ڕژێمی صدام لە

21. Norms

عێراق سەرەتای گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسی شیعەکان تۆمارکرا. بە جۆرێك بۆچونی سیاسی وا بوو کە شیعەکان بەشێکی براوەی ئەم گۆڕانکارییەن کە لە مێژوی خۆیاندا لە عێراق بێ پێشینە بوو. ڕوخانی رژێمی عێراق دوبارە بونەوەیەکی تازەی بەخشی بە پێکهاتە و دروست بونی پارتی شیعی لەژێر شوناسی مەزهەبیدا. لەسەرەتادا پرس گەلێکی وەها دەهاتە پێش کە پارتی شیعی لەژێر چ سروشت و شوناسێك شکڵ بگرێت، ئایا شوناسی ئەم پارتانە نیشتمانی بن و پەیرەوی مەزهەب بکەن، یان مەزهەبی بن. لە کۆتایدا بۆچونی زۆرینەی پارتی جیاوازی ناو شیعەی عێراق پەیرەو پرۆگرامی سیاسی پارتی شیعە، جەخت لەسەر شوناسی مەزهەبی شیعی و سیاسەتی شیعە دەکەنەوە. پرۆسەو پەیکەری سیاسی لە عێراقی نوێدا، زیاتر لەسەر شێوازی پوختەی قەومی و مەزهەبی شێوازی گرت، لە ژێر کاریگەری شوناسە جۆراوجۆرەکانە ئەوانیش، ( کورد، شیعە، سونە)، نەك لەسەر بنەمای ئۆپۆزسیون بوون. ئەگەر ئۆپۆزسیونێکیش بونی هەبێت لە عێراق لە ئەندازەی دەنگ تێپەڕ ناکات و هیچ کاریگەریەکی لە پەیکەر و شوناسی میللی، دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی، عێراق ناکات.

دامەزراندنی عێراقی تازەو خەونی دروست کردنی دەوڵەتی نیشتمانی لەسەر بنەمای دەستوری عێراق لەساڵی ٢٠٠٥، نەیتوانی کیشمەکێشی شوناسە جیاوازەکان لە ناوخۆیدا چارەسەر بکات. بەڵکو عێراقی دابەش کرد بەسەر دوو بەرەی ( براوە " شیعە و کورد" وە دۆڕاو "سونە" ). دوای ڕوخانی رژێمی صەدام، هەیکەل و دارشتنەوەی عێراق لە ڕوی واقع لەسەر بنەمای بالانسی هێز بوو، نەك ئەوەی دەسەلات لەسەر بنەمای ڕەوایەتی و باوەڕی پێکهاتەیی عێراقیەکان، تا جێی باوەڕی هەمویان بێت. بەڵکو لەبەر ئەوەی شیعەکانی عێراق ٦٠٪ پێکهاتەی عێراق پێك دەهێنن دەبێت دابەشکردن و بەرکەوتی سیاسیان لەسەر هەمان بابەت بێت. هەربۆیە پێکهاتەی سیستەمی حکومڕانی چ لە پەرلەمان و حکومەت، لەسەر هەمان بالانس بوو کە زۆرترین پشك لە وەزارەت و سوپاو جومگە سەرەکیەکان دەوڵەت بەر شیعە دەکەوت. سەرەڕای بەشداری کورد و سونە لە پێکهاتەی سیاسی عێراق، بەلام بەردەوام ڕەخنە لە نادادپەروەری و هەژمونی شیعە لە پەیکەری سیاسی عێراق کراوە، تا ناکۆکیەکان گەیشتوەتە ئاستی جەنگی گروپ بەندی نێوان شیعەو سونە. گواستنەوەی ئەم ناکۆکیانە بۆ ناو پەرلەمان و حکومەت جومگە سیاسیەکانی تر لە عێراقدا. بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ ناکۆکیەکان هێندە زۆر بون نەتوانرا حکومەت پێك بهێنرێت. پاش هەشت مانگ بە شێوازی تەوافق کە خۆی لە فشاری دەرەکیدا دەبنیەوە حکومەت پێك هێنرا. هەرچەندە، لیستی (العراقیە) بە سەرۆکایەتی (ئەیاد عەلاوی)، خۆی بە براوەی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان دادەنا. بەلام حکومەت لەلایەن لیستی (ئیتیلافی دەوڵەتی یاسا) بەسەرۆکایەتی نوری مالکی، بەدروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ شیعەکانی تر پێك هێنرا. دەکرێت بوترێت نمونەیەکی زیندو لە کاریگەری شوناسی سەرونیشتمانی لە پەیکەری سیاسی عێراق پیشان دەدات.

چـونە دەرەوەی هێزەکـانی ئـەمریکا لـە سـاڵی ٢٠١١، عێراقـی خسـتە بـەردەم پرۆسـەیەکی سیاسـی نوێـوە. دوبـارە هەڵبژاردنەوەی "نوری مالیکی" بۆ پۆستی سەرۆکی حکومـەت، عێراقـی خسـتە نـاو قـەیرانێکی سیاسـی کـە ئـەویش سەرچـاوەی لـە تـاك ڕەوی سـەپاندنی ئەجێنـدای لایـەنی زۆرینـە لـە عێراقـدا پشـان دەدا. بـە پێـی ڕاپـۆرتێکی هەڵسەنگاندن لە بارودۆخی سیاسی عێراق، لە ناوەندی عەرەبی بۆ توێژینـەوەو دراسـاتی سیاسـی دەرچووە، ئامـاژە دراوە بەوەی کە شارەزایەکی سەربازی ئەمریکی پێـی وایـە چـونە دەرەوەی هێزەکـانی ئـەمریکا لـە عێـراق وا دەکـات ڕێگە خۆشـکەر بێـت بـۆ هاتنـەوە مەیـدانی ئـەو گروپانـەی کـە لـە جـەنگی نـاوخۆی سـالأنی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ بـە هاوکـاری ئەمریکا و هێز ئەمنیەکانی عێـراق لـە ناوچـوبون، کـە ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر پەیکـەری دیموکراسـی لـە عێـراق دەبێت، ئەمەش دەتوانێت سیستمی حکومڕانی بەرەو تاك ڕەوی بەرێت.

بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی شیعە لە عێراقدا سیاسەتێکی مەزهەبیە، کەسانی ئاینی ڕۆڵ و کاریگەری دیاریان هەیە لە رەوەندی سیاسی عێراقدا. ڕوخانی ڕژێمی صدام لە عێراق، دەسـکەوتی نـوێ و مێـژوی بـۆ کۆمـەڵگای شـیعی تێـدا بوو. بە جۆرێك شەپۆلێکی خێرا لە شوناسی سیاسی و چالاکی سیاسی شیعەکان هاتە پێشەوە کە پێشبنی نەداکرا لـە لایـەن کۆمـەڵگای عێراقـی بەتایبـەتی سـونەی عێراقـی. شـیعەکان بـە دوای زینـدو کردنـەوەی فەرهـەنگی سیاسـی و مەزهەبی شیعی لە عێراقدا بوون. ڕۆڵ و کاریگەری مەرجەعیەت لە کایەیی سیاسی  وای کـردووە کاریگـەری لەسـەر شوناسی نیشتمانی هاوبەش لە عێراقدا هەبێت وە شیعەکانی بەرەو قوڵبونەوی شوناسی مەزهەبی بردوە. کە هۆکـار بووە پرۆسەی سیاسی لـە عێراقـی دوای ٢٠٠٣ زیـاتر خۆناونـدتربێت لـە لایـەن شوناسـی مەزهـەبی شـیعە، بـە واتـای جەخت کردنەوەی وەفاداری تاکی شیعی بۆ مەزهەب لە بەرامبەر شوناسی نیشتمانی. کە دەکرێت بوترێت شـیعەکان هەمان هەلسوکەوتی سونەکان لە ماوەی ڕابردوو دوبارە دەکەنەوە کە خۆی دەبینێتەوە لە زاڵکردنی شوناسـی شـیعی بەسەر شوناسی نیشتمانی. ئەمەش هەمان دیدە کە بونیادگەری جەختی لەسەری دەکاتـەوە و لـە ئەنجامـدا کۆمـەڵگا بەرەو شوناسی جیاواز دەڕۆن وە کاریگەری لەسەر پەیکەری سیاسی دەوڵەتی نیشتمانی دادەنێت. ئەمەش بەو واتایـە نیە کە پێکهاتەکان لە کەلتور و شوناسی خۆیان لابـدەن، یـان ڕێگـەیان پـێ نـەدرێت لـە دەرونـی دەوڵـەت دا بـە مافـە کەلتوری و سیاسییەکانی خۆیان بگەن.

## سێهەم: عەرەبی سونە

سونەکانی عێراق لە ڕوی جوگرافیاییەوە دەکەونە ناوەڕاستی عێراق، کە پێشتر لە ژێر دەسەلاتی عوسمانی لە ولایەتی بەغدا دەژیان. لە ئێستادا لە پارێزگانی ( موسڵ، انبار، دیالە، صلاح الدین) نیشتەجێن. لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٢٠ دەوڵەتی تازەی عێراق بە سەرۆکایەتی مەلیك فەیسەڵ کە عەرەبێکی سونی مەزهەب بوو ڕاگەیەنرا. بە دەسەلات گەیاندنی کەسایەتی سەربازی سونی و نوخبەیەك لە کەسانی مەدەنی لەلایەن بەریتانیا، کە ڕۆڵیان هەبوو لە شۆڕشی عەرەبی، خزمەتیان کردبوو لە دەوڵەتی عوسمانی، بنەماو پێکهاتنی عێراق بوو لە ژێر دەسەلاتی کەمینەی سونە. سونەکان بە هۆی ئەوەی درێژکراوەی دەسەلاتی عەرەبی بوون لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی ڕۆڵی خۆیان هەبوو. پاش هەرەسی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتانی تازە لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست جێگەی سەرنجی ولاتانی کۆلۆنیالیزم بوون. هەربۆیە بەریتانیا و فەڕەنسا بە هاوکاری خانەدانی هاشمی کە عەرەبی سونی مەزهەب بوون، لە دروست کردنی ولاتانی تازە دروست بوی عەرەبی لە ناوچەکەدا دەستی بالایان هەبوو.

مێژوی حکومڕانی لە عێراقدا بە مێژویەکی پرشنگدار بۆ عەرەبی سونە لە عێراق دادەنرێت. لە ساڵی ١٩٢٠ تا ساڵی ٢٠٠٣، سونەکان بۆ ماوەی زیاتر لە هەشتا ساڵ تەواوی جومگە سەرەکیەکانی دەوڵەتیان بە دەست بوو. بۆ نمونە لەسەردەمی پادشایەتیداو بەدرێژای ئالوگۆری کابینەکان، (١٩٢٠-١٩٥٨)، لە کۆی ٥٨ وەزارەت تەنها ٥ وەزارەت بەخشرابونە کورد و شیعە وە بەرپرسانی ئیداری لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق زۆربەی لە سونەکان بون، ئەمەش وای کردبوو لە ٦٠٪ بەرپرسانی سیاسی لە سونەکان، ٢٥٪ بۆ شیعە ، ١٥٪ بەخشرابویە کوردەکان، ئەم بابەتەش بە نیسبەت هێز و پلەو پۆستی سەربازی سونەکان بە پلە پشکی زیاتریان هەبوو لە چاو دوو پێکهاتەکەی تردا، وای دەکرد بە تەواوی عێراق بکەوێتە ژێر ئەجێنداو شوناسی سونە عەرەبەکان.

روخانی دەسەلاتی پادشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨ و پاشانیش کودەتای ساڵی ١٩٦٣ و هاتنە سەر حوکمی حزبی بەعس، کە ئەمانیش سەر بە پێکهاتەی سونەکانی عێراق بوون، لە ڕوی شوناسەوە عێراقی خستە ناو قۆناغێکی دیکەوە هاوکات بابەتی شوناسی نیشتمانی ڕوبەڕوی قەیرانی تر بویەوە.

حزبی بەعس عێراقی لە ژێر پەیرەوو پرۆگرام و دروشی پان عەربیزم،" یەکێتی، ئازادی، سۆسیالیزم"، هەنگاوەکانی بەرەو ئاڕاستەی پان عەربیزم دەڕۆشت، کە خۆی لە خۆیدا نیگەرانی لای پێکهاتەکانی تری عێراق دروست دەکرد. دەکرێت بگوترێت بەعەرەبی کردنی ناوچە کوردیەکان لەمەوە سەرچاوەی دەگرت. سەرکردەکانی حزبی بەعس زۆرینەی عەرەبی سونە بوون، بەلام لە بنەڕەتدا حزبی بەعس خەونی سیکۆلاریزمی هەلگرتبوو. هەرچەندە بە پێی ئەو واقعە و پێشینەی مێژویی کە عەرەب بە هۆی شوناسی ئیسلامی هەی بوو ئەم خەونە وەك پێویست نەهاتە دی. لە هەمان کاتدا بۆ شیعەکانی عەرەبی جێگەی ڕەزامەندی نەبوو. لە لایەکی تر بۆ کوردەکان ئەوان خۆیان نەدەبینیەوە کەوا زمان و فەرهەنگی هاوبەشیان هەبێت لەسەر ئەو بنەمایانەی حزبی بەعسی

عەرەبی بانگەشەی بۆ دەکرد. بۆیە بەدرێژای ماوەی حکومڕانی حزبی بەعس لە عێراقدا نەیتوانی هەوڵ بدات بۆ هێنانە کایەی شوناسی نیشتمانی عێراقی، کە جێی قبوڵی عێراقیەکان بێت.

شکستی دەوڵەتی عێراق لە چۆنیەتی مامەڵەکردن و ساغ کردنەوەی شوناس و چارەسەرکردنی، و کارلێکردنی لەگەڵ بابەت گەلێکی تردا وەك، مەشروعیەت، بەشداری کردن، تێکەڵ کردن و دابەش کردن، سەرجەمیان لەپاڵ شوناسدا کاریگەریان لە پەیکەری سیاسی عێراق بە درێژای مێژوو هەبووە. کێشمەکێشی هاوولاَتی عێراقی لەسەر بابەتی شوناس، خۆی بینیوەتەوە لە شوناسی، قەومی، دینی، تیرەگەری، کە هۆکار و گرفت بون بۆ دەستنیشان کردنی شوناسی نیشتمانی. ئەم شوناسانە چ بە شێوەیەکی شاراوە یان ئاشکرا لە بەرامبەر شوناسی نیشتمانی لە ناوخۆی عێراقدا بوون. ناوبردن و سەپاندنی شوناسی عەرەبی یان نەتەوەگەری عەرەبی لەلایەن سونەکانەوە کاریگەری لە هەستی لایەنە ناعەرەبیەکان بە تایبەتی کورد دەکرد. چونکە کوردەکان هەرگیز خۆیان بە بەشێك لە نەتەوەی عەرەب دانەناوە. کە عەرەبە سونەکان لە ماوەی دەسەلاَتدارییاندا لە عێراقدا جەختیان لەسەر کردوەتەوە.

روخانی ڕژێمی صەدام لە ٢٠٠٣ ئەگەر بۆ گەلانی عێراق کرانەوەی گرێی بەختیان بووبێت، ئەوا بۆ سونەکانی عێراق سەرەتای قەیرانی سیاسی بارودۆخی کۆمەلاَیەتیان بوو. عێراقی دوای صدام، بنیاتنانەوەی دەوڵەت لەسەر گوتار و سیاسەتێکی جیاواز لە پێشینەی خۆی پێك هێنرا. عەرەبی شیعە و کورد لە ژێر لیستی شیعی و لیستی کورد، بەشداریان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا کرد. بەلاَم سونەکان بەهۆی واقعێك کە لە سەرەتای دروست بونی عێراق هەیان بوو چاوەڕێی ئەوە نەبون کە دەسەلاَتیان بەو جۆرە ڕوو لە کزی بکات. بەتایبەتی پارتە ئیسلامیە سونیەکان کە لە ساڵی ١٩٦٠ بە هۆی ئەو سروشتەی تێیکەوتبون کە دەسەلاَتی عێراق لەژێر هەیمەنەی سونە مەزهەبیەکان دا بوە لە ڕابردودا، چاوەڕواننەکراوبوو بۆیان کە ڕوبەڕوی ئاوها دۆخێك ببنەوە کە هەموشتێك وەك پێش خۆی نەبێت بۆیان. هەر ئەمەش وای لێکردن بە بێ جیاوازی ئەم گوتارە لە پاش ٢٠٠٣ بە شێوەیەکی کرداری سیاسەتی خۆیان لە ژێر شوناسی سونی ئاڕاستە بکەن.

کیشە مەزهەبیەکانی نێوان سونەو شیعە لە دوای ڕوخانی رژێمی صدام لە ٢٠٠٣، هۆکاری پەرەسەندنی ناکۆکی نێوان گروپەکانی ئەم دوولایەن بووە. بە جۆرێك لە ساڵی ٢٠٠٦ جەنگ و ناکۆکی گەیشتە بەرزترین ئاست لە نێوانیاندا. بەردەوام سونەکان نیگەرانی و رەخنەیان هەبووە لە پەرچەکرداری دەسەلاَتی شیعەکان، کە خۆی لە جیاکاری سیاسی و ئابوری و ئەمنی ... هتد دەبینێتەوە. سونەکان نیگەرانیەکانیان لە عێراقی دوای صدام قوڵتر بویەوە بەوەی کە لەلایەك شیعەکانی عێراق بیانەوێت رەفتاری تۆڵەسەندنەوە لە بەرامبەر ئەواندا بگرنەبەر کە لە ماوەی ڕابردودا حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان بەرامبەر شیعەکان پەیرەویانکردووە. لە لایەکی تر بە هۆی نزیکی شیعەکان لە ئێران، عێراق لە شوناسی عەرەبی دور بخەنەوە لەبەرامبەر ئەوەدا لە ئێران و هیلالی شیعی نزیك

بنەوە. هەربۆیە ئەمان زەمینە ساز بوون کە عەرەبە سونەکان بەرەو شوناسی جیاواز و گروپی جیاواز بڕۆن تا لەبەرامبەر شوناسی نیشتمانی کاریگەری خۆی دا بنێت.

مێژو دەری خستوە کە شوناسی خوارنیشتمانی کە خۆی لە نەتەوەگەری، تیرەگەری، مەزهەبی، کاریگەری بەرجەستەو دیاری هەبووە لە دیاری کردن و ئاڕاستەکردنی شوناس و گۆڕانکاریەکان لە عێراقدا. تا ئێستاش لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری عێراق دەورو کاریگەری بەرچاوی هەبووە. ئەم کاراکتەرە بەهێزانە بەهۆی بونی نفوزی کۆمەڵایەتی بەهێز لە کاتی هەستیار و چارەنوس سازەکاندا توانیویانە بالأنسی هێز، هاوپەیمانانی خۆیان بە سودی خۆیان بشکێننەوە. بۆ نمونە شۆرشی ١٩٢٠ بە سودی سونەکان کۆتای هات. یان ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کوردەکان، روخانی رژێمی صدام زیاد بونی پێگەی سیاسی شیعە لە عێراق.

شوناسە خوارنیشتمانیەکان لە عێراقدا بە هۆی تێپەڕنەبونی پێشینەی کۆمەڵگای سیاسی و کەلتوری پێکەوەژیان نەیان توانیوە، لەپاڵ برەودان بە کەلتور و ڕێوڕەسمی ناوخۆی بۆ یەکێتی خاك لە عێراقداو رەونەق کردنەوەی شوناسی نیشتمانی لە هەماهەنگی تەواودابن. رەفتاری پەیکەری سیاسی لەعێراق کاریگەری دیاری هەبووە لەوەی شوناسەکان بەرەو پەرتەوازەی زیاتر بچن لە بری یەکگرتن و خۆبەیەك زانین، وەك ئەوەی تیۆری بونیادگەری جەختی لێدەکردەوە کە ڕەفتاری، "پەیکەر و کارگوزار" بە شێوەیەکی یەکسان مانەوە بەیەك دەبەخشن، وە کاریگەری لەیەکتر دەکەن.

## ڕێژە و ژمارەی شیعە و سونە لە تەواوی پارێزگاکانی عێراق(٢٠٠٩)[٢٢]

| پارێزگاکان | سونە | | شیعە | |
|---|---|---|---|---|
| | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە |
| بەغداد | 50% | 2200000 | 50% | 2200000 |
| موصڵ | 95% | 1805000 | 5% | 95000 |
| سلێمانی | 97% | 1280400 | 3% | 39300 |
| دیالە | 65% | 780000 | 35% | 430000 |
| هەولێر | 97% | 1081550 | 3% | 33450 |
| ئەنبار | 99% | 1007820 | 1% | 10180 |
| صلاح الدین | 98% | 882000 | 2% | 18000 |
| کەرکوک | 90% | 576000 | 10% | 64000 |
| دهۆک | 99% | 425700 | 1% | 4300 |
| بابل | 30% | 435000 | 70% | 1015000 |
| بەصرە | 35% | 430500 | 65% | 799500 |
| زیقار | 5% | 61250 | 95% | 1163750 |
| نەجەف | 5% | 800000 | 95% | 792000 |
| کەربەلا | 5% | 37000 | 95% | 703000 |
| واست | 20% | 138000 | 80% | 552000 |
| قادسیە | 1% | 6700 | 99% | 663300 |
| میسان | 1% | 5900 | 99% | 584100 |
| موسەنا | 3% | 12420 | 97% | 401580 |
| کۆ | | 11965240 | | 9568460 |

## دابەشبوونی پارێزگاکان بەپێی مەزهەب (٢٠٠٩)

| پارێزگا سونییەکان | | پارێزگا شیعییەکان | |
|---|---|---|---|
| نەینەوا | 1900000 | بابل | 1450000 |
| سلێمانی | 1320000 | بەصرە | 1230000 |
| دیالە | 1300000 | زیقار | 1225000 |
| هەولێر | 1115000 | نەجەف | 800000 |
| ئەنبار | 1018000 | کەربەلا | 740000 |
| صلاح الدین | 900000 | واست | 690000 |
| کەرکوک | 640000 | قادسیە | 670000 |
| دهۆک | 340000 | میسان | 590000 |
| | | موسەنا | 414000 |
| کۆ | 8533000 | کۆ | 7809000 |

٢٢. بڕوانە؛ د.طه حامد الدلیمی، هذه هي الحقیقه.. الاعداد والنسب السكانیة لأهل السنة والشیعة في العراق، مركز الرافدین للدراسات الارتیادیة، 2009.

## شوناسی سەرونیشتمانی[23]

سەرونیشتمانی و بابەتی شوناس دو چەمکن کە لە کەناری یەکدا توانای وەڵامدانەوەیان هەیە. بە هۆکاری ئەوەی تۆڕی فراوانی خەڵك لە ئەنجامی ئاڵۆگۆڕ و مامەڵەکردن لەگەڵ یەك دەگەنە تێگەشتنی هاوبەش لە شوناس. لە سەر بنەمای: شوناسی تاك، وێنە، فەرهەنگ، کە گروپی زۆری خەڵك لە دنیای کۆمەڵایەتی هاوکارو هاو مەبەست پێکەوە شوناس بونیادی دەنێن. دەکرێت بگوترێت شوناسی سەرونیشتمانی بریتیە لە تێگەشتنی هاوشێوە لە نێوان تاك و کۆمەڵگای دەرەوەی خۆی لە سەر شوناسێکی دیاری کراو لە دەرەوەی شوناسی نیشتمانی. دوابەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، بەتایبەتی تریش دوای جەنگی جیهانی دووەم، نەتەوە گەریی، پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. ئەو وڵات و نەتەوانەی کە لەژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیاڵیزمدابون بە تایبەتی فەرەنسا و بەریتانیا، داواکاری ئازادی و شورش دژ بە کۆلۆنیالیزم دەستی پێکرد. بەم جۆرەش ورده ورده شوناسی سەرونیشتمانی تیایاندا گەشەی کرد. بە هۆکاری ئەوەی کە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی ووڵاتانی عەرەبی شێواز و دابەش کردنیان لەسەر بنەماو بەرژەوەندی ووڵاتانی داگیرکەر بوو، پەرتەوازەیی جوگرافیایی، لە دنیایی عەرەبی دروست کرد کە پێشتر بە هۆی زمان، فەرهەنگ، رەگەز، ئاین، لە پەیوەندیدابوون. کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم کەمبونەوەی دەسەڵاتی کۆلۆنیاڵیزم لە ناوچەکەداو دابەش بونی سیستمی نێودەوڵەتی بە سەر دوو جەمسەردا، هۆکار گەلێك بوون بۆ بڵاو بونەوەی ناسیۆنالسیتی عەرەبی لە ژێر دروشمی پان عەرەبیزم. عێراقیش لە ژێر ناونیشانی ناسیۆنالسیتی عەرەبی هەوڵەکانی لە عێراقدا لە بەرامبەر شوناسی نیشتمانی چڕتر کردەوە.

لەسەرەتای دروست بونی عێراق، دەسەڵاتدارانی سونە بۆ پەرتەوازە کردنی شوناسە خوار نیشتمانیەکان، و دروست کردنی چوارچێوە نەتەوەیی، هەنگاوگەلێکی زۆری لەمەڕ ئەم بابەتەدا خستە کار. بە شێوەیەکی گشتی ئەم هەوڵە کە لە چوارچێوەی نەتەوە سازی لەسەر بنەمای گشتی سازی سەپێنراو لە سەر خەونی ناسیۆنالیستی عەرەبی و پان عەرەبیزم جێگەی شرۆڤە کردنە، وە هەنگاوەکانی بەدەست هێنانی خۆی دەبینییەوە لە بیرۆکراسی، سیستمی پەروەردە و فێرکرن، سوپا، هێزە ئەمنیەکان.

بەعەرەب کردنی کۆمەڵگای عێراقی لەسەر بنەمایی ئایدۆلۆژیای بەعسیەکان بە تایبەتی دژ بە کوردەکان بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجی پان عربیزم بوو، ئەمەش هەرزوو کوردەکانی هێنایە دەنگ چونکە هەرگیز کوردەکان ئامادە نەبوون لە ژێرشوناسی سەرونیشتمانی پان عەربیزم ژیان بەرنەسەر، وە شوناسی عەربیزم لە فەرهەنگ و پێشینەی مێژویی کوردەکان نەی دەتوانی جێگای خۆی بکاتەوە. لە بەرامبەر ئەمە کوردەکان شۆرشی بەرفراوان لە

23. Transnational

ناوچە کوردیەکان دژی ئەم هەنگاوە گرتە بەر، هەرچەندە ئەم بەرەنگاربونەوە لە پێناو پاراستنی شوناسی خۆیان بە گران بەسەریاندا شکایەوە، سیاسەتی سەرکوتکردن و جینۆساید لە لایەن رژێمی پێشوی عێراق لە دژیان گیرایە بەر. لە لایەکی تر سەرەڕای ئەوەی کە شیعەکانی عێراق عەرەب تەیار بون، بەلاّم لەبەرامبەر هەنگاوەکانی شوناسی سەرونیشتمانی پان عەرەبیزم بارودۆخێکی دژواریان هەبوو. بەوەی کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەسەر ناوەڕۆکی سیکۆلاریزم و هەژمونی سونەی عەرەبی و گروپ بەندی بوو. پیادەکردنی ئەم سیاسەتە هەرزو وای کرد شیعەکان لەم پرۆژەیە بسڵەمێنەوە. چونکە جەخت کردن لە زامنکردنی سونی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە گەڕانەوە بۆ میراتی مەزهەبی دێرینەی سونە، شیعەکانی لە خاڵی "ئەوان" و "دوژمن" پیشان دەدات. وە ماهیەتی سیکۆلاریزم بۆ ئەم گروپە خوارنیشتمانیەکە بە شوناسی مەزهەبی خۆیان پایە بەند بوون، نیگەرانی زۆر دروست دەکرد. لێرەدا دەمان گەڕێنێتەوە بۆ ئەو خاڵەی کە تیۆری بونیادگەری جەختی لێ دەکردەوەبەوەی "شوناسە کۆمەلاّیەتیەکان تێگەشتنی تایبەت بە خود لە بەرامبەر سەرجەم کاراکتەرە پشان دەدات و لەم رێگەیەوە بەرژەوەندی تایبەت دێنێتە ئاراوە و شێوازی تایبەتی بە بڕیارە سیاسیەکان دەدات بەوەی کە "خود، دۆست یان دوژمنی شوناسێکی تر پێناسە بکەیت"، وە ئەمەش جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ڕەفتاردا دروست دەکات.

ناکۆکی کردنی شیعە لە بەرامبەر خەونی پان عربیزم لە سەردەمی حزبی بەعسی زیاتر کرد. گومانەکانی حزبی بەعسی لە بەرامبەر شیعەکان چڕتر کردەوە، چونکە بەوە تۆمەتبار دەکران کە رێگری یەکگرتوی عەرەبین و لە خزمەتی خەونی پارسی[24] تێدەکۆشن. هەربۆیە سیاسەتی سەرکوت کردن و لەناوبردن تەنانەت ڕێگری لە ئەنجام دانی مەراسیمی ئاینی لەبەرامبەریان ئەنجام درا. ئەم کردەوانە لەسەردەمی جەنگی عێراق ئێران نیسبەت بە شیعەکان بە لوتکەی خۆی گەیشت. هەرچەندە شوناسی سەرونیشتمانی عەرەبیزم بە هۆی گومانی سەرکردایەتی سیاسی عەرەبی سونی سیاسەتی جیاوازی وولاّتانی عەرەبی لە ڕوی هەرێمی و نێودەوڵەتی، گومانی سەرانی وولاّتانی سونەی عەرەبی بەیەك، ڕوی لە کزی کرد. بەلاّم بە کۆی گشتی کاریگەری سیاسی، ئاسایشی، لە پەیکەری سیاسی عێرقدا لە ماوەی ڕابردو دروست کردبوو، لە ئەنجامدا پەیکەری دەوڵەتی نیشتمانی لە عێراقدا لاواز دەکرد.

روخانی رژێمی عێراق لە ٢٠٠٣ و بنیاد نانەوەی دەوڵەت سازی لە عێراق، دوبارە ڕستن و چنینەوەی لەسەر بنەمای قەومی مەزهەبی بوو. دروست بونی ئەنجومەنی حوکم[25] لە پاش ڕوخانی صدام، ئیدارە کردنی لەسەر ڕەنگدانەوەی قەومی مەزهەبی بوو. وای دەکرد بۆ بنیاد نانەوەی عێراق و شوناسی دەوڵەتی نەتەوەو دارشتنەوەی دەستور تێیدا تێگەشتنی جیاواز بێنێتە پێشەوە. جوگرافیای سیاسی عێراق بەهۆی بونی بەرژەوەندی وولاّتانی دراوسێ لە عێراق و نزیکیان لە پێکهاتەکانی ناو عێراق لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و قەومی، دینی وای دەکرد دەرگای دەستێوەردان

---

24. Persian
25. Iraq Governing Council (IGC)

لەمەڕ ئەم بابەتە بێنیتە کایەوە. کێشەی شوناسی عەرەبی و ئیسلامی یەکێك لە ناکۆکیەکانی پێکهاتەکانی عێراق لە دەستوری عێراقدا بوو، سونەکانی عێراق بەهۆی نزیکیان لە دنیایی عەرەبی جەختیان لە شوناسێکی ئیسلامی عەرەبی دەکردەوە لە هەمان کاتدا سەرەڕای عەرەب بونی شیعەکان بەڵام چەمکی ئیسلامی بون لە کۆمکاری عەرەبی زیاتر خەون و ئامانجی عەرەبی سونەی تێدا بالأیە. کە ئەم خاڵەی ناکۆکی سونەکان و شیعەکان پشان دەدات لەسەر تێگەشتنی شوناسی عەرەبی لەسەر بنەمای سونی عەرەبی یان هیلالی شیعی لە دونیای خۆرهەلأتی ناوەڕاستدا. لەبەرامبەر ئەمەشدا تێگەشتنی کورد لەسەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوە بوو لە عێراقدا، بە جۆرێك پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەرێمی کوردستان بە پێی ئەو واقعە دیفاکتۆیەیی تێی کەوتبوو کە خۆیان حکومڕانی خۆیان دەکرد هەوڵدرا بە شێوەیەکی دەستوری سیستمی حکومڕانی خۆیان لە دەستوری عێراق دا جێگیر بکەن لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتودا برەو بە مافە دەستوریەکانیان بدەن. سەرئەنجام لە دەستوری عێراق ئەوەی چەسپێنرا لە مادەی (٢) برگەی دووەم : "ئەم دەستورە پاراستنی ناسنامە ئیسلامیەکەی زۆرینەی گەلی عێراق مسۆگەر دەکات، هەروەها سەرجەم مافە ئاینیەکان بۆ گشت تاکەکان وەك مەسیحی و ئێزیدی و سائیبیە مەندائییەکان لە ئازادی باوەڕ پیادەکردنی کارەکانی ئاینی مسۆگەر دەکات". هەروەها لە مادەی ٣ی هەمان دەستور هاتووە" عێراق ولأتێکی فرەو نەتە و فرە ئاین و ئاینزایە، بەشێکە لە جیهانی ئسلامی و ئەندامێکی دامەزرێنەری کارای کۆمکاری عەرەبی‌یەو پابەندی بەڵێن (میثاق)ەکەیەتی". ئەم جۆرە دارشتنە لە دەستوری تازەی عێراقدا دەکرێت بگوترێت جیاوازی تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیاواز بە پێی کاتی جیاواز لە عێراقی دوای صدام هێناوەتە ئاراوە، بووەتە گرفت لە بەردەم پرۆسەی نیشتمان سازی لە عێراقدا. وە وابەستە بونی شوناسی خوارنیشتمانی تاکی عێراقی بە گروپی سەرونیشتمانی، دوبارە پەیکەری سیاسی دوچاری ئاڵنگاری[26] کردووە.

سیاسەتی شیعە تا ڕادەیەکی زۆر سیاسەتێکی مەزهەبیە و جەخت لە ڕۆڵ و کاریگەری کەسانی ئاینی لە بابەتی، دین، کۆمەلأیەتی، سیاسی و دەوڵەت داری دەکاتەوە. بە جۆرێك لێکدانەوە و بیری تاکی شیعی بۆ پرسە سیاسیەکان لە عێراقدا لە دەرەوەی بیری دینی و مەزهەبی تاڕادەیکی زۆر دژوارە. کە ئەمەش دەکرێت بە نیسبەت شیعە بناژوخوازەکان یان سیکۆلارەکان وەك یەك بێت. کە یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای شیعی کە بە درێژایی مێژوو جەختیان لێی کردوەتەوە. داگیر کردنی موصلّ لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، (داعش)، ڕۆڵی مەرجەعیەتی شیعەی لە ناوخۆ و دەرەوە چڕتر کردەوە. بە فەرمانی گەورە مەرجعیەتی شیعە لە عێراق (عەلی سیستانی)، داوای دروست بونی گروپی چەکداری شیعی لە دژی داعش دا. دروست بونی حەشدی شەعبی بە

26. Challenge

شوناسێكی شیعی و وابەستە بە خەونی شیعی گروپی مەزهەبی سەرونیشتمانی، (مانگی شیعی)[٢٧]، لە ناوە و دەرەوەی عێراق و لە ژێر كاریگەری مەرجەع و هیلالی شیعی لە دەرەوە و ناوەوەی عێراق، كاریگەری لە بەردەم لاواز بونی شوناسی نیشتمانی و پەیكەری سیاسی لە عێراقدا دروست كرد. لە بری تۆكمەی كردنی سوپای نیشتمانی، گروپ گەلێكی مەزهەبی و وابەستە بە دنیای دەرەوەی نیشتمانی عێراق پێكهێنرا. كە ئەمەش دەكرێت وەك پەرچەكردارێك لەبەرامبەر یەكخستنی سنورەكان لە لایەن داعشەوە لە سوریا و عێراق تەماشا بكرێت.

پرۆسەی ڕوخانی رژێمی صدام لە ٢٠٠٣ سونەكانی عێراقی لە بەرامبەر ڕوبەڕوبونەوەیەكی نوێ دانا، بە جۆرێك كە پێشتر چ لە سەردەمی عوسمانی و عێراقی دوای ١٩٢١ بەهۆی بونی دەسەڵاتی سیاسییان ڕوبەڕویان نەبویەوە. بە گشتی عەرەبی سونی لە ڕوخانی رژێمی صدام دڵ خۆش نەبون بە گومانەوە لە ئاییندەی عێراق و زیادبونی دەسەڵاتی شیعە و تۆڵەسەندنەوەیان دەیان ڕوانی. وای دەكرد لە عێراقی نوێدا سونەكان بەشێوەیەكی تایفەگەری لە پەیكەری سیاسی عێراق بنوارن. هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق لە لایەن ئەمریكییەكان بۆشایەكی ئەمنی زۆری دروست كرد لە عێراقدا، بووە هۆی عێراقیە بەعسیەكان بە هاوكاری لەگەڵ گروپە سونیەكانی تری ناو عێراق و دەرەوی عێراق جوڵانەوەی چەكداری دژی سیستمی نوێی عێراق و بونی ئەمریكیەكان دەست پێكەن. ڕوبەڕوبونەوەی سوپای ئەمریكاو عێراق لە فەلوجە دژ بە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، بونی گروپە تیرۆرستیەكان( قاعیدە)، عێراقی خستە بەردەم قەیرانی ئاسایشی یەكگرتنی نیشتمانی.

بەشێك لە سونەكانی عێراق بە هۆی ناڕازی بونیان لە بونی ئەمریكییەكان لە عێراق و پاش ئەوانیش ڕەفتاری نادروستی حكومەتی عێراق لەگەڵیان وای دەكرد ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو گروپ بەندی جیاواز و پەیوەست بون بە گروپی سەرونیشتمانی جیاواز بە تایبەتی گروپە تیرۆرستیەكان هەنگاو بنێن. سروشتی تایفەگەری بونی كۆمەڵگای عێراقی بوتە هۆی ئەوەی عێراق دەوڵەتێكی لاوازی هەبێت، ڕێگە خۆشكەر بێت بۆ هاتنە ناوەی گروپی دەرەكی(خاوەن ڕوانگەی سەرونیشتمانی) دەست تێوەردانیان لە سیستمی ئەمنی و سیاسی عێراق. بە تایبەتیش گروپە تیرۆرستیەكان، بە جۆرێك لە كۆی ٦٠٠ كوژراو كە سەر بە رێكخراوی قاعیدە بون لە عێراق ٤٠٪ خەڵكی سعودی و لیبی بوون. كە ئەمەش نیشانی دەدات لە لایەك كە دەستێوەردانی دەرەكی بۆ ناو عێراق هەیە، لە لایەكی تر پەیوەست بونی گروپە خوارنیشتمانییەكان بە تایبەتی سونەكان بەم گروپە سەرونیشتمانیەوە.

---

٢٧. مانگی شیعی، (Shia Crescent)،ئەم چەمكە لە لایەن ( مەلیك عبدالله) پادشای وڵاتی ئەردەن بەكار هێنرا پاش جەنگی ٢٠٠٣ روخانی رژێمی صدام ، ئەو ئاماژە دەكات بۆ ئەوەی "دەرئەنجامی سەرەكی جەنگ لە عێراق (٢٠٠٣)، هێنانە كایەیی هیلالی شیعی لە ژێر دەسەڵاتی ئێران بووە". مەبەست لێی گریمانەی بە دەسەڵات گەشتنی پارتی سیاسی شیعە لە عێراق لە ژێر كاریگەری ئێران وا دەكات بلۆكێكی هاوپەیمانی شیعی لە وڵاتانەی كە شیعە تێدا زۆرینەیە، (ئێران، عێراق، سوریا، لوبنان)، پێك بهێنرێت، بێنە هۆی تێكدانی بالآنسی هێز لە نێوان (سونە و شیعە)لە ناوچەكەدا، كاریگەری بخاتە سەر ئاسایشی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

داگیر کردنی موسڵ لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، پەیکەری سیاسی و یەکپارچەی و شوناسی نەتەوەی عێراقی ئەوەندەی تر دوچاری قەیران کرد. گروپی تیرۆریستی داعش کە لە ئەنجامی ئەو بۆشاییە ئەمنیەیی کە لە عێراقی دوای ٢٠٠٣ و شۆرشی سوریا، وڵاتانی تری عەرەبی دروست بوو، توانی قەیرانێکی گەورە لە جەنگی تەواو عەیار لە بەرامبەر پەیکەری سیاسی عێراق دروست بکات. پێکهاتەو سەرۆکایەتی ئەم گروپە لە عەرەبە سونیەکانی عێراق و کۆنە بەعسییەکانی عێراق، بە پەیوەست بون و پەیوەست کردنی گروپە توندڕەوەکانی تر لە ناوچەکەدا توانیان بە شێوەیەکی گشتی وڵاتانی دراوسێ بخەنە ناو قەیرانی سیاسی و ئەمنی، بە شێوەیەکی تایبەتیش عێراقیش ڕوبەڕوی قەیرانی سەروەری و یەکپارچەیی و ئاڵنگاری لە پەیکەری سیاسی بکەنەوە. کە ئەمەش نمونەیەکی زیندو لە پەیوەست بونی گروپی خوارنیشتمانی عەرەبی سونی عێراق بۆ گروپی سەرونیشتمانی دەردەخات.


لە ناو کوردا، بابەتی شوناسی سەرونیشتمانی و چەمکی کوردستانی گەورە پێشنەیەکی مێژویی هەیە. لەبەر ئەوەی کورد لە واقعدا بە هۆی هەلومەرج و گوزارەی سیاسی کە ئەم ناوچەیەی پێدا تێپەڕیوە دابەشکراون بەسەر چەند دەوڵەتێك دا، ئەوان بەهۆی فەرهەنگ، زمان، سەر زەوی، ئاین، هاوبەش پێیان وایە دەتوانن لە ژێر، گوتار، ئاڵا، سەرزەمین، یەك دەوڵەت دا کۆببنەوە. چەمکی کوردستانی گەورە لای کورد لە عێراقدا چەمکێکی باوەو دەکرێت بگوترێت بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخدا پاش ڕێکەوتننامەی سیڤەر و هەرەسی ئیمپراتوری عوسمانی کە هاتەپێش. وادانرا بوو بە پێی مادەی ٦٣، ٦٢ لە ولایەتی موسڵ دەتوانن سەربەخۆی وەربگرن وە ئەگەر ویستیان دەتوانن بلکێنرێن بە کوردستان، کە مەبەست لێی دەوڵەتی دامەزراو بۆ کوردەکان لە باکوری کوردستانی گەورە بوو، کە لە ئێستادا بەشێکن لە دەوڵەتی تورکیا. بزوتنەوە کوردیەکان لە عێراق بە هۆی ئامانجی هاوبەش لەگەڵ بزوتنەوە کوردیەکانی تر لە دەرەوەی دەوڵەتی عێراق بەردەوام لە پەیوەندیدا بوون، زۆرجار لە جوڵانەوە شۆرشییەکان لە ناوچەکەدا هاوکاری یەکتر بوون.

گوتاری کۆبونەوەی نەتەوەیی و گۆنگرەی نەتەوەیی لە ئاستی هەرچوار پارچەی کوردستانی گەورە گوتارێکی باو بووە بەلاَم بەشێوەیەکی گشتی پاش ئەو گۆڕانکاریە ئەمنیانەی بەسەر خۆرهەلاَتی ناوەڕاست ووڵاتانی عەرەبی هاتە پێش، کوردەکان پێیان وابوو کاتێکی باشە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی. وەك ئاژانسی ڕۆیتەرز ئاماژەی پێ کردووە "دۆخی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست شڵەژاوە و ناجێگیرە، بەلاَم کورد دەیەوێت ئەم دۆخە بقۆزێتەوە و سودی لێ وەربگیرێت لە پێناو دروست کردنی یەك دەنگی و یەکڕیزی کوردەکان لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە بەرەو پێش بردنی دۆزە نەتەوەیەکەیان". هەرچەندە کۆنگرەی نەتەوەیی بڕیاربوو لە ساڵی ٢٠١٣ ئەنجام بدرێت، بەلاَم ئەم کۆنگرەیە پێ نەخستە بابەتی کرداری و کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەکە لە بەرواری ٢٠١٣/١١/١٠ کۆنگرەی نەتەوەی کورد بۆ کاتێکی نادیار دواخست. بەلاَم ئەمە دەری دەخات شوناسە سەرونیشتیمانیەکان دەتوانن کاریگەریان لە یەکپارچەی و پەیکەری سیاسی عێراق هەبێت. لە لایەکی تر هەماهەنگی و بەشداریکردنی کورد لە ناوچە

جیاجیاکانی کوردستان له جەنگی دژی داعش، نمونەیەکی زیندو لە پشاندانی پەیوەست بونی شوناسی خوارنیشتمانی کورد له عێراق بۆ شوناسی سەرونیشتمانی له دەروەی عێراق دەخاتە ڕوو.

بەشێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەیەدا، بۆ چوارچێوەو بنەمای لێکدانەوەی باسەکە پشت بە تیۆری بونیادگەری بەسترا. بونیادگەری سەرەڕای قبوڵ کردنی کاریگەری فاکتەرە مادییەکان لە کۆمەڵگای سیاسی لە ناوخۆ و سیتمی نێودەوڵەتی، له هەمان کاتدا گرنگی زۆر به بابەتە نامادیەکان (معنەویەکان) دەدەن. هەربۆیە لەم چوارچێوەیەشدا بابەتی شوناس گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەهۆی درك و تێگەشتنی تاك لە دونیایی خۆیان و دەرەوەی خۆیان. له ڕاستیدا شوناس میکانیزمێکه که بۆ درکی خودی (تاك) وە ئامرازێکه بۆ تێگەشتنی خودو پەیوەندی بە دنیایی دەرەوە. شوناس بەشێکی گەورەی ناسینە کە ژیان قابیلی پێشبینی دەکات. له لایەکی تر پێکهاتەی شوناسی کاراکتەرێك بە شێوەیەکە، بونی سنور له نێوان خود و ئەوانی تر دەکات قبوڵ دەکات. ئەمەش وای کردوە بونی تێگەشتنی جیاواز له نێوان پێکهاتەکانی عێراق، قبوڵ بونی درك و سنوری بیری جیاواز، دەرئەنجام هەنگاو نان بەرەو شوناسی جیاواز، عێراقی لەبەردەم قەیرانی شوناسی نیشتمانی بە درێژای دروست بونیەوە داناوە.

# نەخشەی عێراق



## ئه نجام

شەپۆلی شوناسناسی و دەوڵەتی نیشتمانی لە عێراقدا وا دێتە پێش چاو بەرەو ناسامانی و لێك دورکەوتنەوەی زیاتر هەنگاو دەنێت. بە جۆرێك بەرژەوەندیە هاوپەیوەندیەکان کات لە دوای کات ڕێڕەوی خۆیان دەگۆڕن بەرەو ڕەونەق کردنەوەی شوناسی ئاینی، نەتەوەیی، لێکترازانی کۆمەڵگای عێراقی هەنگاو دەنێت. ئەمەش وادەکات کیانەکان، پێکهاتەکان، گروپەکان، بەرەو شوناسی، خوارنیشتمانی، سەرونیشتمانی، لەوانەش، شیعە و مانگی شیعی، سونی و ئومەتی ئیسلامی، یان پان عرببیزم، گروپی تیرۆرستی، خەلافەتی ئیسلامی، دەوڵەتی کوردی و کوردستانی گەورە، هەنگاو بنێن. بەپێ دیدی تیۆری بونیادگەری لە هەر شوێنێك لێکترازانی کۆمەڵایەتی سیاسی هەبێت، ئەوا پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەرەوشوناسی جیاواز هەنگاو دەنێن لە ئەنجامدا کاریگەری لەسەر پەیکەری سیاسی دەوڵەت و شوناسی نیشتمانی دەکات. ناوبانگی دەوڵەت لە دنیایی دەرەوەی خۆی دەخاتە مەترسیەوە. لە عێراق هۆکار گەلێکی زۆر هەن بۆ لاوازی دەوڵەتی نەتەوەو پەیکەرە سیاسیەکەی لەوانەش دەستێوەردانی دەرەکی و نزیك بونەوەیان لە پێکهاتەکانی عێراق، سیستمی دیکتاتۆری و تاك ڕەوی. بەلاّم دەکرێت بگوترێت شوناسی خوارنیشتمانی و سەرونیشتمانی گەورەترین کاریگەیان هەبووە لەسەر پەیکەری سیاسی عێراق و دواجار شکڵ نەگرتنی شوناسی نیشتمانی و دەوڵەتی نیشتمانی

## سەرچاوەکان

### عربي


- دستور جمهورية العراق لعام ٢٠٠٥ م.
- عبدالرحمن الرواشدي. العرب السنة في العراق، تاريخهم- واقعهم- مستقبلهم،مركز البحوث البيان، ٢٠١٤.
- محمود الشناوي. العراق التائه بين الطائفية و القومية هذا ماجرى بعى الصدمة و الرعب، هلا للنشر و التوزيع، قاهرة ، ٢٠١١.
- بروانه؛ د.طه حامد الدليمى، هذه هي الحقيقه.. الاعداد والنسب السكانية لآهل السنة والشيعة في العراق، مركز الرافدين للدراسات الارتيادية، ٢٠٠٩.
- يحيى الكبيسي.العراق: العراق الاحتجاجات و أزمة النظام السياسي، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، ٢٠١٣.
- كاظم الموسوي.العراق صفحات من التاريخ السياسي، نشر و توزيع الكتروني ـ الطبعة الرابعة ٢٠١٣.
- هيفا احمد. اشكالية الهوية الوطنية العراقية، مركز الدراسات الدولية، جامعة بغداد، العدد ثالث و خمسون، ٢٠١٢.
- خورشيد دلي. الدولة الكردية من وحي الربيع العربي،http://www.aljazeera.net/kurdistan/.
- سعيد الغامدي. حزب البعث تاريخه و عقائيده، المكتبة الكترونية في منتدى المعالي، ٢٠١١.
- محمد ماضي. الأنسحاب الأمريكي من العراق: هزيمة استراتيجية و نهاية لهيمنة قوة عظمى، الدليل السويسري، ٢٠١١ واشنطن.
- معاهدة سيفر ١٩٢٠، اعداد قسم البحوث و الدراسات الجزيرة.
- مجلة البيان ـ الحقيقة الكاملة لأعداد سكان العراق سنة وشيعة قراءة في كتاب فضيلة الشيخ الدكتور طه الدليمي، http://www.albayan.co.uk/print.aspx?id=2950


### كوردی


- كۆمەڵێک نوسەر، پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەکان، ژوری تۆێژینەوەی سیاسی ـبزوتنەوەی گۆڕان ٢٠١٥.


### فارسی


- حميرا مشيرزاده. تحول در نظريه‌هاي روابط بين الملل، سازمان مطالعه و تدوين كتب علوم انساني دانشگاه (سمت) مركز تحقيق و توسعهٔ علوم انسانى، ١٣٨٩ تهران.
- مصطفى زهرانى . بررسى انتقادي سياست خارجي آمريكا، مركز آموزش و پژوهش هاى بين المللى وزارت امور خارجه، تهران ١٣٩٢.
- لوئيس فاست. روابط بين‌المللى خاورميانه؛ ترجمه، احمد سلطانى نژاد. دفتر مطالعات سياسى و بين‌المللى، تهران ١٣٨٩.
- ئاودير مصطفى. قواعد و هنجارهاى بين‌المللى و مسئله خودمختارى كردستان عراق (٢٠١٢- ١٩٩١)، دانشگاه تربيت مدرس، تهران ١٣٩٢.
- شفيق غبرا. فرهنگ خشونت در كشور عراق، فصل نامه مطالعات راهبردى، سال پنجم، شماره اول، تهران ١٣٨١.
- خلامرضا خسروى . مؤلفهاى داخلى پايدار و مؤثر بر سياست خارجى عراق جديد، ، فصل نامه مطالعات راهبردى، سال سيزدهم، شماره اول، تهران ١٣٨٩.
- گراهام اى فولر. شيعيان عراق، فصلنامه شيعه شناسى، شماره ٦، ١٣٨٨.

- عنایت الله یزدانی ، مختار حسینی. بحران هویت در عراق معاصر: واکاوی علل و زمینه‌ها ، فصلنامه سیاست، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دور ۴۳ شماره ۱، ۱۳۹۲.
- داود زندی. فرایند ملت- دولت سازی ، شکل گیری هویت ملی و بازسازی در عراق : تجارب تاریخی و دورنمای آینده،فصل نامه مطالعات راهبردی، سال سیزدهم ، شماره اول، ۱۳۸۹.
- جلال درخشه. موانع داخلی دموکراتیزه شدن عراق پس از سقوط صدام، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال پنجم شماره اول، ۱۳۹۳.
- سیمین صبری، فرهنگ جهانپور، هویت طلبی در آذاربایجان ایران، پرگار، بی بی سی فارسی، ۲۰۱۵.

**ئینگلیزی**

- Graham E. Fuller ,(2003), Islamist Politics in Iraq after Saddam Hussein, united states institute of peace.
- Kenneth Katzman, (2009), Iraq: Post-Saddam Governance and Security, Congressional Research Service.
- Murad A. Abbas, Radhi S. Jassam, (2015), The Problems of Rebuilding a State in Iraq2003-2015, Scientific Research Publishing Inc.
- Anthony H. Cordesman & Sam Khazai, (2014),Iraq in Crisis, Center For Strategic &International Studies.
- Yücel bozalioğlu, (2007),Constructivism and Identity Formation: An Interactive Approach, Uluslararasi Hukuk ve Politika.